عەبدوڵڵا سەمەدی

# کانییەك لە ژێر تەمدا

بڵێسەکانی ئەم ئاگرە بە بەژنی شلکەوە سەما دەکەن و بە هەوای کڵپە لێکدەئاڵێن. زنجیرەی ڕیزە گەڵایەکی زەرد لە سەر سینگی ئەم ڕووبارە تەنکە، بە هەوای بازرقەی ئاو لە سەر خڕکەبەردە لووسەکانی لێژایی هەڵدەپەڕن و لە تەندووراوی گۆما ڕەشبەڵەکی ماڵئاوایی دەبەستن و بێباکانە بە چەقی ئەم جەغزەدا دەڕۆنە خوار.

زەوی و زنجیرەی ئەم ڕیزەگۆیەش دەست لە سەر شانی یەك، بە دەوری ئەم گڕەگۆیەدا هەڵدەخولن و لەم بۆشاییی‌یە بێ‌سنوورەدا مەلە دەکەن.

لەو بەر بناریش، لە پێدەشتێکی بڕۆێنا، لە دەوری کانییەکی ژێری تەمدا، ئەو نۆ لاوە کە کوڕن و کیژ؛ سۆرانی شۆڕ، چەفتە و مشکی، شەدە لەسەر، دەنگی خڕخاڵ، بازنە و بەرموور، پێ لە سەر لۆکەی تەم، سەرمەست و غوللور لە بادەی جەوانی هەڵدەپەڕن. گەڕێك مندال، گەڕێك لاو و گەڕێك پیرن. بەیناو بەین قەڤ ڕنوویەکی ئەستووری تەم لە یاڵی چیا دەخزێ و سەر بەرەو خوار تێکدەئاڵێ و بە سەر کانی و بنار دەکشێ و ڕەشبەڵەك تا پشتوێن لە ئامێز دەگرێ. بە دەم هەڵپەڕکێوە دەست بەردەدەن و بە دەم چەپڵە و نەعرەتەی عیو، بە یەك تەرز و بە یەك شێوە مەلە دەکەن، بە بێ‌ئەوەی حەڵقە تێکدەن.

تەم دادەمرێ و کاڵەکانیان دەردەکەوێ و پێ بە سەوزە گیادا دەدەن. بە بێ‌ئەوەی بەخۆ بزانن، سەوزەگیای بن پێی سەرچۆپین...

لە سەر تەختی ئەم شانۆیە، لۆکۆمۆتیڤی سەری هەودایەکی درێژ، دڵی دەکوتێ و بە لەز داژوێ. بە کونای مووڕووی غەم و شادی، بزە و فرمێسك، مردن و ژیندا دەبوورێ و وەکوو بەرموورێکی درێژ سەرجەم دەیانهۆنێتەوە.

کانی ژێر تەم باش دەزانێ؛ *تریقەی قاقا بە خنکانەوەی هەنیسکەوە گرێ دراوە و گریانی ساواش بە قرخەی ئاویلکەوە.*

S_abdullahsamadi@yahoo.com